# دەستگیرانی هەیفا
# بەختی خۆی لەگەڵ نانسیش تاقیدەکاتەوە



بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی ئیلاف ئێستا باسو خواسێکی زۆر لەسەر خۆ نزیککردنەوەی کۆنە دەستگیرانی هەیفا وەهبی، سەرمایەداری سعودی تارق جەفالی لەنانسی عەجرەم دەکرێ. دەگوترێ جەفالی پێشنیاری بەخشینی ڤیلایەکی لەبەیروت خستووەتە بەردەم نانسی عەجرەم تەنیا وەك دیاری پێش رازیبوون پێیو ئامادەی خۆی نیشانداوە بۆ پێشکەشکردنی هەر شتێك، تەنانەت شتێکی وەك ئەنگوستیلەی سلێمانیش ئەگەر رازیبێ بەشووپێکردنی.

بەڵام بەپێی دەنگوباسەکان نانسی دەترسێ بەهۆی پەیوەندی بەستن لەگەڵ تارق جەفالی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هەیفا وەهبی بەرەو خراپتر بچێ.